# بڕوخێ حکومەتی کوردستان...!!

بۆ.. حکومەتی کوردستان ئەوەندە دیکتاتۆر و خراپە هەتا بڕوخێ....بڕواتان هەبێ ئەوەقسەی من نیە بەڵکو قسەی( برا ) عەرەبێکی گەشتیار بوو کە هەفتەی رابردوو لە هاوینەهەواری بێخاڵ ئەوەندەی مەشروبات خواردبۆوە و لە پەنایەك دانیشتبوون و هەرwای دەزانی لەگازینۆ و تیاترۆکانی( ئوستاد عودەی )و ئەبونەواس دانیشتوە و هەرwای دەزانی ئیتر سەدام حوسێنی بابەگەورەیان هەر ماوە و پڕبەدەنگە ناسازەکەی دەیگۆت( یسقط حکومة الاکراد ) هەر باش نەبوو بە حکومەتی زانین، باش نەبوو وەکو سەرکردەکانی ئێستایان نەیگووت( حکومة شمال العراقي ). گەلۆ ئەوە برا عەرەبەکا نمانن و ئەوەش هەستی دیموکراتیانە و ئازادیانەی ئێمەیە، ئەو قسانە ئەگەر هەندێکمان پێمان دیموکراتی و ئازادی رابێت ئەوا لەلایەن خەڵکی خاوەن قوربانی و خانەوادەی شەهید و کوردێکی نیشتیمانپەروەرەوە ئەو پەڕە کوفرێکە و لەسەر خاکی خۆمانەوە لەلایەن ئەو( برا )یانەمان دەرهەق بە ئێمەی دەکەن. هەرچەندە ئەم قسەیە زیاتر هەڵدەگرێت بەلاّم من بۆ خوێنەرانی جێدەهێڵم و لەکۆتاییش تەنها ئەوەندە بەسە کە حیزبەکا نمان هەموو رێڕەوەکانی ئەمنی قەومی کوردیان بیرچۆتەوە و نازانن ئەو عەرەبەی دێتە ئێرە کێیە و چی دەکات و پێشتر چی بەکورد کردووە..؟! خۆزگە سنورێك بۆ هاتنی ئەو( براعەرەبانە )دابنرابایە ئەوسا نە هەستی ئێمە بریندار دەبوو نە ئەوانیش تووشی گرفت دەبوون لەگەڵ ئێمە.

کورە شەهیدێکی

ڕێگای ڕزگاری کوردستان